# ئەخنوخی پێغەمبەر

پەیدابوون ٤، ٥

لە دوو وانەی ڕابردووماندا دەربارەی هەردوو یەکەم کوڕی ئادەم و حەوا فێربووین: هابیل و قابیل. زانیمان چۆن هەردووکیان قوربانیان پێشکەش بە خودا کرد لەپێناوی پەرستنی. هابیل باوەڕی بە خودا هێنا و خوێنی بەرخێکی پێشکەش کرد، بەڵام قابیل هەوڵی دا بە کردەوەی خۆی لە خودا نزیك بێتەوە. خوداش قوربانی هابیلی قبوڵ کرد، بەڵام قوربانی قابیلی ڕەت کردەوە. خودا داوای لە قابیل کرد تۆبە بکات بەڵام قابیل توڕە بوو و هەستا بە کوشتنی هابیلی برای.

ئێستا پلانمان وایە بەردەوام بین لە تەورات و دیراسەتی بەشی چوارەم و پێنجەم لە سیپارەی پەیدابوون بکەین. ووشەی خودا پێمان دەڵێت کە ئادەم و حەوا کوڕ و کچی دیکەشیان بوو. (پەیدابوون ٥: ٤) هەرچۆنێك بێت، لەنێوان نەوەکانی ئادەمدا، خودا تەنها چیرۆکی دوو بەرەی بۆمان ئاشکرا کردووە: بەرەی قابیل و بەرەی شیت، کە یەکێك بوو لە برا بچووکەکانی قابیل.

با یەکەم جار تەماشای بەرەی قابیل بکەین. قابیل ژنێکی لە نێوان خزمەکانی خۆی هەڵبژارد و بوونە خاوەن منداڵ. بەڵام، هەر وەك دەڵێن (گیا لەسەر ڕەگی خۆی شین دەبێت) هیچ لە نەوەکانی قابیل لە شێوازی بیرکردنەوە و قسەکردن و کردار لایان نەدابوو لە قابیل. هەروەك باوکیان، ڕێزی ووشەی خودایان نەگرت. ئەوان زۆر زیرەك و خاوەن زانیاری بوون، بەڵام خودایان نەدەناسی. تەنها بایەخیان بەشتی دونیایی دەدا. ئەوان شاریان بنیاتنا، کەرەستەیان درووست کرد، شمشاڵ و قیسارە و شتی لەو بابەتە. یەك لەو نەوانەی لە قابیل بوونەوە ناوی توبال – قابیل بوو. زۆر کارامە بوو و برونز و ئاسنی داڕشت. بەڵام، کاری جوانی دەست دڵی جوان درووست ناکات!

یەك لە نەوەکانی قابیل، ناوی لامش بوو، کە پشتی حەفتەم بوو لەپاش ئادەم. لامش لەسەر شوێن پێی باپیری قابیل دەڕۆیشت – بەڵکو خراپتر. لامش یەکەم کەس بوو دوو ژن بێنێت و هەروەك قابیل، بوو بە بکوژ. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە لامش دوو کەسی کوشت و شانازی بەوە دەکرد کەلە قابیل خراپترە! هەروەك قابیل و هەموو نەوەکانی، لامش هیچ گرنگی نادا بە ویستی خودا. لامش خۆبەرست و پارەپەرست بوو. زۆر لووت بەرز و بەدەعیە بوو. خولیای ڕابواردن بوو نەوەك خولیای خۆشەویستی خودا. شەیتان مامۆستای بوو، بەڵام بەوشتەی نەدەزانی. لامش ئاوا بوو لەبەر ئەوەی خۆی هەڵیبژارد لەسەر ڕێگای قابیل بڕوا. با ناوی لامش لەبیرمان بهێڵینەوە، لەبەر ئەوەی دەگەڕێینەوە بۆ باسی ئەو پێش ئەوەی کۆتایی بە وانەکەمان بهێنین.

ستایش بۆ خودا، نووسراوە پیرۆزەکان لای چیرۆکی قابیل و نەوە ناڕاستودروستەکەی ڕاناوەستێ. ووشەی خودا هەروەها باسی بەرەی شیتمان بۆ دەکات و دڵێت کە خودا کوڕێکی تری دا بە ئادەم لە جیاتی هابیل، ئەوەی قابیل کوشتی. (پەیدابوون ٤: ٢٥) ناوی شیت بوو، بەمانای هەڵبژاردراو دێت. خودا شیتی بەجێگری هابیل هەڵبژارد. باشە بۆچی شیت دبوایە جێگای هابیل بگرێ؟ وەڵامەکەش ئەمەیە، لە باخچەی عەدەن، خودا بەڵێنی دابوو بە یەکێك کە دێتە جیهانەوە بۆ ئەوەی لە شەیتان بباتەوە و نەوەکانی ئادەم لە هێزی شەیتان ڕزگار بکات. ئەو ڕزگاری دەرە دەبوایە لە بەرەی هابیل بهاتبایە کە باوەڕی بە خودا هەبوو. بەڵام، شەیتان وای کرد قابیل هابیل بکوژێ. شەیتان ویستی کۆسپ وتەگەرە بخاتە بەردەم پلانی خودا لە ناردنی ئەو ڕزگاری دەرە بۆ جیهان. بەڵام، دانایی خودا مەزنترە لە هی شەیتان. خودا پلانێکی قەشەنگی هەبوو بۆ ئەوەی منداڵەکانی ئادەم ڕزگار بکات لە گوناهەکانیان و کەس ناتوانێ کۆسپ وتەگەرە بخاتە پێشیەوە، تەنانەت شەیتانیش! لەبەر ئەوە، خودا لەگەڵ پاراستنی پلانەکەی خۆی، شیتی دا بە ئادەم و حەوا بۆ ئەوەی جیگای هابیل بگرێتەوە کە قابیل کوشتی. لەبەر ئەوە، پلانی خودا سەبارەت بە ناردنی ڕزگاری دەرەکە بەردەوام لە گەشەکردن بوو.

شیت باوەڕدارێکی ڕاستەقینە بوو. وەك هابیلی برا گەورەی، ڕێگای ڕزگاربوونی هەڵبژارد کە خودا دایمەزراندووە. شیت هەروەك

هەموو نەوەکانی ئادەم، بە گوناهباری لەدایك بوو. بەڵام باوەڕی بە بەڵێنی خودا هەبوو سەبارەت بەو ڕزگاری دەرەی کە دێت و گوزارشتی لە باوەڕی خۆی کرد بە پێشکەش کردنی خوێنی بەرخێك بۆ خودا، وەك قوربانییەك بۆ داپۆشینی گوناه. شتێکی تر دەربارەی شیت کە مایەی تێبینی کردنە ئەوە بوو کە شیت منداڵەکانی بە ناسینی ڕاستی خودا گەورەکرد. لەبەر ئەوە نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: هەروەها شیت کوڕێکی بوو... لەو کاتە بوو خەڵکی دەستیان کرد بە نوێژکردن بە ناوی خوداوەندەوە. (پەیدابوون ٤: ٢٦)

بەم شێوەیە، دەبینین کە دوو خێزان لە ئادەم بوونەوە: خێزانی قابیل و خێزانی شیت. دەزانی ئەو دوو خێزانە گوزارشت لە چی دەکەن؟ گوزارشت لەو دوو جۆرە خەڵکە دەکەن کەلە جیهانن لە کاتی ئادەمەوە تا ئەمڕۆ. لە ڕوانگەی خوداوە تەنها دوو جۆر خەڵك لەسەر زەوین. هیچ جیاوازی ناکات لەبەینی ڕەش پێست و سپی پێست، لەبەینی سۆرانی و بادینی، ژن و پیاو، دەوڵەمەند و هەژار. خودا لادەر نییە، لەگەڵ ئەوەشدا، خەڵکی جیهان بۆ دوو گروپ جیا دەکاتەوە. ئەو دوو گروپە چین؟ گروپێك کە باوەڕی بە ووشەی خودا هەیە، گروپێك کە باوەڕیان پێ نییە، ئەوانەی خودا دەناسن و ئەوانەی خودا ناناسن. ئەوانەی لەناو ڕووناکی دەڕۆن و ئەوانەی لەناو تاریکی دەڕۆن. ئەوانەی خودا لە گوناهیان خۆش بووە و ئەوانەی لە گوناهیان خۆش نەبووە. هەموو کەسێك باوەڕی بە خودا بێت و ڕێگای ڕاستودرووستی هەڵبژێرێ کە دایمەزراندووە، ڕزگاری دەبێت و دەچێتە بەهەشت، هەر وەك چۆن شیت و خێزانەکەی ڕزگارکران. هەرکەسێك ڕێگای ڕاستودرووستی خودا نەگرێ ئەوا دەفەوتێ و بەرەو دۆزەخ دەڕوات، هەروەك قابیل و خێزانەکەی.

نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ کە ئادەم ژیا تاوەکو تەمەنی (٩٣٠) ساڵ و پاشان مرد. لە کاتی خۆی، مرۆڤ دەژیا تاوەکو زۆر پیر دەبوو – بەڵام پاشان دەمردن وەك هەموو مرۆڤێك. ئادەم و حەوا مردن، هەر وەك خودا پێیانی فەرموو بوو. کاتێ خودا یەکەم دوو مرۆڤی درووست کرد، حەزی نەدەکرد ئەوان بمرن، بەڵکو حەزی دەکرد بژین. ئەی باشە بۆچی ئادەم و حەوا مردن؟ لەبەر ئەوەی گوناهیان کرد دژ بە خودا – و گوناهیش مردن بەرهەم دێنێ.

باشە، با سەرنجی چیرۆکی پیاوێکی خودا بدەین، کە لە خێزانی شیت بوو و باوەڕی بە خودا هەبوو. ئەم پیاوەش پێغەمبەری خودا ئەخنوخ بوو، کە بە ئیدریس دەیناسین. لەبەشی پێنجەمی سیپارەی پەیدابوون، باپیرانی ئەخنوخ دەبینین. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ئادەم بوو بە باوکی شیت، و شیت بوو بە باوکی ئەنۆش، ئەنۆش بوو بە باوکی قێینان، و قێینان بوو بە باوکی مەهەلەلئێلی، مەهەلەلئێل بوو بە باوکی یارەد، و یارەد بوو بە باوکی ئەخنوخ. بەم جۆرە، ئەخنوخ حەفتەمین پشت بوو لەپاش ئادەم ولە بەرەی شیت.

وەك هەموو مرۆڤێك، ئەخنوخ بە گوناهباری لەدایك بوو بوو. بەڵام، کاتێ تەمەنی بوو بە (٦٥) ساڵ، ئەخنوخ تۆبەی کرد لە گوناهەکانی و ڕووی لە خودا کرد و باوەڕی بە بەڵێنەکەی خودا هێنا سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکە کەدەهاتە جیهانەوە و دەمرێت وەك قوربانییێکی تەواو و گوناه دەسڕێتەوە. ئەخنوخ باوەڕی خۆی نیشان دا بە پێشکەش کردنی خوێنی ئاژەڵێك وەك قوربانی کە گوناه دادەپۆشێ. لەدەرئەنجامدا، خوداش وەك ڕاستودرووست ژماردی لەبەر باوەڕەکەی، ولە گوناهەکانی خۆش بوو و دڵی پاککردەوە. بۆیە نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: ئەخنوخ سێ سەد ساڵ لەگەڵ خودا هاتوچۆی کرد. (پەیدابوون ٥: ٢٢)

بەڵام، ڕۆیشتن لەگەڵ خودا لە زەمانی ئەخنوخ ئاسان نەبوو، لەبەر ئەوەی زەمانێکی گەندەڵ و خراپ بوو هەر بەزەمانی ئێستا دەچوو. زۆربەی ئەوانەی لەو کاتە دەژیان تەنها بە دوای ڕابواردن و ژیانێکی ناپاك دەژیان. سەبارەت بە ئەخنوخ، ئەو دەیزانی خودا مرۆڤی درووست نەکردووە بۆ ئەوەی لە ناپاکی بژێت، بەڵکو بۆ پاکی و بێ گەردی. لەبەر ئەوە، ئەخنوخ نەیهێشت تەماح کۆنتڕۆڵی بکات وەك چۆن کۆنتڕۆڵی دراوسێیە خودا نەناسەکانی کردبوو. وەك خودی خودا، ئەخنوخ حەزی لە ڕاستودرووستی بوو و ڕقی لە گوناه بوو. خەڵك سوکایەتییان پێ دەکرد و دەیان چەوساندەوە لەبەر شێوەی ژیانە ڕاستودرووستەکەی، بەڵام ئەخنوخ وای نەکرد ئەوە نیگەرانی بکات لەبەر ئەوەی دەیزانی هیچ لەوە گرنگتر نییە کە ئاشتیت لەگەڵ خودا هەبێت.

خودا ئەخنوخی هەڵبژارد بۆ ئەوەی ببێت بە خزمەتکار و پێغەمبەری لەو کاتە خراپەدا. وەك هەموو پێغەمبەران، ئەخنوخیش گەواهی دا سەبارەت بە ڕزگاری دەرەکە کە دەهاتە جیهانەوە. هەروەها ئەوەشی ڕاگەیاند کە ڕزگاری دەرەکە ڕۆژێك دێتەوە بۆ سزادانی هەموو ئەوانەی تۆبەیان ڕەتکردەوە و باوەڕیان پێ نەهێنا. بخوێنەوە لە فێرکاری ئەخنوخ: ئەوەتا خوداوەند لەنێو هەزارانی پیرۆزکراودا دێت، تاکو هەمووان حوکم بکات و هەموو خوانەناسان سەرزەنشت بکات، لەبەر هەموو کرداره خوانەناسیەکانیان کەوا لە ڕێبازی خوانەناسی کردوویانە و ئەو قسە ڕەقانەی ئەو گوناهبارە خوانەناسانە لە دژی وتوویانە. (یەهوزا ١: ١٤-١٥)

شتێکی تری سەرسوڕهێنەر سەبارەت بە پێغەمبەر ئەخنوخ کە پێویستە بیزانین ئەوەیە کە ئەو نەمرد. بەڵێ، ووشەی خودا پێمان دەڵێت کە ئەخنوخ نەمرد! دەڵێت: ئەخنوخ سێ سەد ساڵ لەگەڵ خودا هاتوچۆی کرد.... ئەخنوخ لەگەڵ خودا هاتوچۆی کرد و خودا بردیەوە لای خۆی، بۆیە ئیتر کەس نەیبینیەوە. (پەیدابوون ٥: ٢٤) خودا، بە هێزی خۆی ولە پلانەکەیدا، ڕاستەوخۆ ئەخنوخی گواستەوە بۆ ئاسمان، بەبێ ئەوەی وای لێ بکات بە دەرگای مردنەوە بڕوات.

باشە، بۆچی خودا ئەخنوخی بەو شێوەیە گواستەوە؟ لەڕێگای ژیانی ئەخنوخدا، خودا دەیەوێ فێرمان بکات چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەوانە دەکات کە بەڕاستی باوەڕی پێ دەکەن و بە دوای ڕەزامەندی ئەودا دەگەڕێن لە هەموو شتێك. نووسراوە پیرۆزەکان دەفەرموێ: بە باوەڕ ئەخنوخ بردرا تاکو مردن نەبینێ، ئیتر نەدۆزرایەوە، چونکە خودا بردییەوە. پێش بردنیشی شایەتی وەرگرت کە خودای ڕازی کردووە. بێباوەڕیش مەحاڵە خودا ڕازی بکرێت، چونکە ئەوەی لەو نزیک بێتەوە، دەبێ باوەڕی بە بوونی ئەو هەبێت و پاداشتی ئەوانەش دەداتەوە کە داوای دەکەن. (عیبرانییەکان ١١: ٥، ٦)

بۆ ماوەی (٣٠٠) سێ سەد ساڵ، ئەخنوخ خودای ڕازی کرد، لەبەر ئەوەی باوەڕی پێی هەبوو، خۆشی دەویست و بەگوێی دەکرد لە کاتێکدا کە زۆربەی خەڵك هیچ باکیان بە ویستی خودا نەبوو. لەبەر ئەوە ڕۆژێك خودا بانگی کرد و یەکسەر خۆی لە بەهەشت بینیەوە، لەشکۆمەندی ماڵی خودا تاهەتا! لێرەدا، شتێکی گەلێ گرنگ هەیە کە خودا دەیەوێ نیشانمان بدات. ئەویش ئەمەیە: ئەگەر باوەڕێکی وەك ئەخنوخت نییە، ئەوا هەرگیز خودا شاد ناکەی! بەڵام ئەگەر باوەڕت وەك باوەڕی ئەخنوخ بێت، ئەوا خودا وەك ڕاستودرووست دەتژمێرێ و چی دی پێویست ناکات لە مردن بترسی. دەتوانی بزانی کە خودا مردنی بەزاند بۆ تۆ، لەبەر ئەوەی ئەگەر گوێ لە ووشەی خودا بگری و باوەڕی پێ بکەی، و کاتێ ژیانت لەسەر زەوی کۆتایی پێ دێ، ئەوا دەچیت بەرو ژیان لە ئامادەبوونی پەروەردگار تاهەتا، هەروەك ئەخنوخ! بەڵام، دەبێت لە قسەکانی خودا تێ بگەی و باوەڕی پێ بکەی سەبارەت بە ڕێگای ڕاستودرووست بۆ ڕزگاربوون کە دابینی کردووە بۆ گوناهباران.

لە پێناو کورتکردنەوەی دیراسەتەکەمان، با هەندێ بەراورد بکەین لەنێوان هەردوو نەوەکەی ئادەم کە ئەمڕۆ خوێندمانەوە: لامش و ئەخنوخ.

لامش و ئەخنوخ، هەردووکیان لە نەوەی حەفتەم بوون لەپاش ئادەم. لامش لە بەرەی قابیل بوو، و ئەخنوخ لە بەرەی شیت بوو. هەردوو لامش و ئەخنوخ لە هەمان چەرخدا دەژیان، بەڵام خولیای هەمان شت نەبوون. شێوەی ژیانیان زۆر جیاواز بوو، وەك شەو و ڕۆژ.

لامش باوەڕی بە خودا ووشەی خودا نەبوو، بەڵام ئەخنوخ باوەڕی بە خودا هەبوو ووشەی خوداشی خۆش دەویست.

لامش لەگەڵ شەیتان دەڕوێشت لە ناپاکیدا، لە کاتێکدا ئەخنوخ لەگەڵ خودا لە پیرۆزی دەڕۆیشت.

لامش ڕێگای ڕزگاری کە لەلایان خوداوە ڕاگەیاندراوە پشت گوێ خست، لە کاتێکدا ئەخنوخ خۆش حاڵی دەربڕی و خوێنی بەرخێکی بۆ خودا هێنا بۆ ئەوەی گوناهەکەی داپۆشێ.


لامش تامەزرۆی پارە و ژن و خواردن و جل و بەرگ و ڕابواردن بوو، لە کاتێکدا ئەخنوخ حەزی لە هاوەڵێیکی نزیك بوو لەگەڵ ئەوەی کە ژیانی پێ بەخشی بوو.

لامش مرد لەناو گوناهەکانی و چووە ناو دۆزەخ، بەڵام خودا ئەخنوخی بۆ لای خۆی ڕاکێشا بۆ ئەوەی لەگەڵی دا بێت لە ئاسمان.

لە کۆتاییشدا، فەرموون لەگەڵ پرسیارێکی گرنگ: ئایا تۆ زۆر بە لامش دەچی یان بە ئەخنوخ؟ ئایا تۆ سەر بە نەوەی قابیل و لامشی یان سەر بە نەوەی شیت و ئەخنوخی؟ ئایا ژیانت باوەشی لە باوەڕی ئەخنوخ داوە، یان بە شێوازی خۆت دەڕۆی وەك لامش؟ ووشەی خودا دەفەرموێ: خۆتان ئەزموون بکەن ئاخۆ لە باوەڕدان. لە خۆتان بکۆڵنەوە، لەبەر ئەوەی بێباوەڕیش مەحاڵە خودا ڕازی بکرێت. (٢ کۆرنسۆس ١٣: ٥ و عیبرانییەکان ١١: ٦)

بۆ وانەی داهاتووش، دەس بە دیراسەتی پێغەمبەرێکی تری خودا دەکەین — ئەویش پێغەمبەر نوح.

خودا بەرەکەتی خۆی بەسەرتدا ببارێنێ کاتێ دەڕواننە ئەم ئایەتەوە لە ووشە پیرۆزەکەیدا: بێباوەڕیش مەحاڵە خودا ڕازی بکرێت، چونکە ئەوەی لەو نزیک بێتەوە، دەبێ باوەڕی بە بوونی ئەو هەبێت و پاداشتی ئەوانەش دەداتەوە کە داوای دەکەن. (عیبرانییەکان ١١: ٦)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. بۆچی شیت دبوایە جێگای هابیل بگرێ؟

٢. دەزانی ئەو دوو خێزانە گوزارشت لە چی دەکەن؟

٣. ئەو دوو گروپە چین؟

٤. بۆچی ئادەم و حەوا مردن؟

٥. بۆچی خودا ئەخنوخی بەو شێوەیە گواستەوە؟

٦. ئایا تۆ سەر بە نەوەی قابیل و لامشی یان سەر بە نەوەی شیت و ئەخنوخی؟

٧. ئایا ژیانت باوەشی لە باوەڕی ئەخنوخ داوە، یان بە شێوازی خۆت دەڕۆی وەك لامش؟

ڕێگای ڕاست و دروستی:

وەرزی خوێندنەوەی کتابی پیرۆز

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013

Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

ئەم خوێندنەوە لە {*The Way of Righteousness* by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای راستودروستی

rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org